# پەرتوکی ساڵانە

بەشی زمانی کوردی کۆلیژی پەروەردە

زانکۆی سەلاحەدین _ هەولێر

| | | |
|---|---|---|
| **ناوی بابەت :** | زمانەوانی | بەشی کوردی<br>زانکۆی سەلاحەدین<br>2018-2019 |
| **پۆل:** | پۆلی سێیەم | |
| **ناوی مامۆستا:** | د.دیار عەلی کەمال | |
| **ئیمەیل :** | darya80s@gmail.com | |
| **مۆبایل:** | 07504490636 | |

**ئامانج لە بابەتەکە و ئەو پەیامەی کە پێویستە خوێندکار فێری بێ:**

ئامانجی گشتی لە بابەتەکە ئاشناکردنی خوێندکارانە بە هێڵی گشتی گەشەی مەعریفی بیرکردنەوە لە زمان بە درێژایی مێژو، لەگەڵ تیشکخستنە سەر ئەو زەمینە فیکری- بابەتییانەی کە بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی مێژو رۆڵیان لە هاتنەئارای رێباز و تیۆرەکانی بواری زانستی زماندا گێڕاوە.

ئامانجی تایبەتیش رونکردنەوەی وردەکاری هۆکاری سەرهەڵدانی تیۆرە جیاجیاکان و وەستانە لەسەر تایبەتمەندی و ئادگاری هەر یەك لە میتۆدی قوتابخانە زمانەوانییەکان و رابەرەکانیان، پۆلینکردنی بەرهەمە زمانەوانییە بەناوبانگەکان بە پێی رێباز و فەلسەفە تایبەتییکانیان .

لە گوتنەوەی هەر تیۆرێکدا جەخت دەخرێتە سەر:

1. هۆکاری سەرهەڵدانی تیۆرەکە و ئەو فەلسەفەیەی پشتی پێ بەستوە .
2. تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی .
3. رابەر و سەرچاوە سەرەکییەکانی.
4. لەژێر رۆشنایی بۆچونە زمانەوانییە نوێیەکاندا خاڵی سەرکەوتن و خاڵی لاواز و کەموکورشی دەخرێنە رو.

رێگای وانەگوتنەوە:

بۆ گوتنەوەی وانە سود لەم رێگایانە وەردەگیرێن:

1– پێشکەشکردنی موحازەرە لەبارەی بابەتە دیاریکراوەکانەوە.

2–خستنەروی هەندێ بابەت بە سلاید.

3–نیشاندانی هەندێ کورتە فیلم لەسەر هەندێ بابەت و بوار دان بە قوتابیان بۆ گفتوگۆکردن و سود وەرگرتن لێی وەك لایەنی پراکتیکی.

4–داواکردنی پێشکەش کردنی سیمینار لەلایەن قوتابیانەوە ئەوانەی کە ئارەزو دەکەن.

سەرچاوە پێویستەکان:


- زمانەوانی,1990، محمد معروف فتاح، چاخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- پۆیەتیکا،2009، ئەرستۆ، و:عەزیز گەردی، بلاۆکراوی ئاوێزە، هەولێر.
- موجز تاریخ علم اللغه فی الغرب،2001،أ.روبنز، لبنان.
- اتجاهات البحث اللساني،1999، ميلكا افيتج، القاهرة.
- علم الدلاله ، 1988،بالمر، بغداد.
- علم اللغه العام،1987، فیردینان و سوسیر،ت: د.یوسف یوئیل عزیز، الموصل.
- علم اللغة العام-المبادي والأعلام-،1985،ميشيل زكريا،لبنان.